**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ١٦٤٧ لە ٢٠٢٢/٦/٩**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بە حوکمی مادده(٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

**یەکەم:**دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/١

**دووەم:**ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە) هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن:

١- وەرگرتنی داوانامە (عریضة الدعوی) و گڵدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتیاطي) و پێراگەیاندنی یاسایی.

٢- ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون.

٣- ئەو داوایانەی گڵدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بریارێك یا مامەلەیەکی تێدا دەکات

٤- داوای میری بۆ مولك سەندنەوە (استملاك).

٥- ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.

٦- داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێی بکەوێتەوە.

٧- داوای هەڵگرتنەوەی و لێك کرینەوە (شفعە) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆلکردنی بە کرێدراو.

٨- داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و رێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقی وا المجری و المسیل والمرور ) مافەکانی (ارتفاق).

٩- داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە.

١٠-داواکانی راست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو)

١١-ئەو داوایانەی فەرمانگەی رەسمی یان نیمچە رەسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.

١٢- داواکردنی خەرجی بژێوی(نفقە)و دایەنی (حضانە)و دیتنی منداڵ ورەچەلەك (مشاهده طفل و نسب ).

١٣- داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد).

١٤- داواکانی لادانی سەرکار(قیم) و پێ سپێرداو (وصی)

١٥-داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە.

١٦- ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلەی دانابێت.

**سێیەم:**جگە لەو داوا و کێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو (بەیان) ـە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببێنیت ئەگەر:

أ. بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب. هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن.

ج. داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی.

**چوارەم:**گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن.

**دادوەر**

**عبدالجبار عزیز حسن**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**